**بزووتنةوةي أيفراندؤمي كوردستان**

**www.kurdistanreferandum.com**

## ریفراندۆم هەموو سازشێک لەسەر (140) رەتدەکاتەوە

ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان، پێی وابوو کە دەستووری هەمیشەیی عێراق، یەکێک لە مافە هەرە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستانی ، کە مافی بڕیاردانی چارەنوسە لەخۆناگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی ئەو دەستووورە کردۆتەوە، چونکە ئەو ماددەیە پەیوەستە بەدیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستانء گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
هەر ئەمەش بووە بزووتنەوەکەمان ئەمە بکاتە دروشمی سەرەکی چوارەمین کۆنفرانسی خۆی.
نیگەرانی ئەو قۆناغە لەوەدایە کە هاوکات لە وادەی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم ماددەیە، ژمارەیەک لە ناوەندە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە، باس لەئەلتەرناتیڤی ماددەی ناوبراو دەکرێتء چەندین سیناریۆ و پێشنیاری تر دەخرێتە روو، بەڵام ئاشکرایە هەر چارەسەرێکی ئەو پرسە ، لەدەرەوەی ماددەی 140، بێجگە لەوەی پێشێلکردنی ئاشکرای دەستوری هەمیشەییە، لەسەر حسابی مافە رەواکانی خەڵکی کوردستانیش دەبێت.
بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان، لە کاتێکدا بەشێک لە بەرپرسیاریەتی ئەم دۆخە، دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، نەیتوانی کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان بە رەسمی یەکلایی بکاتەوە و هەنگاوەکانی ماددەی (140) لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێن، لەهەمان کاتدا پشتگیریی خۆمان بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەربڕین لەپێناو سووربونیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو بێ سازشکردن لەسەری .
هەروەها بۆ رای گشتی کوردستان و عێراق و جیهانیش رادەگەیە نین، کە بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکاتەوەو بۆ ئەم مەبەستە هەموو تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ و لەبەرامبەر هەر سازشێک هەڵوێستی مێژوویی و بەکردەوەی خۆمان دەنوێنین.
بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان

2007 \5\20